Journal of Kurdish Literature
Spring and Summer 2025
Vol. XI, No. 1, Series 19

پژوهشنامه ادبیات کردی
بهار و تابستان ١٤٠٤
سال ١١، شمارۀ ١، پیاپی ١٩

# منداڵ و منداڵی لە دەقی کوردیدا

ئەحمەد شەبانی[١]

(وتاری توێژینەوەیی)

کاتی وەرگرتن: ٣ی جۆزەردای ١۴٠٣، کاتی پەژێران: ۵ی ڕەشەمەی ١۴٠٣، لل. ٢۵٠-٢٢٣
DOI: 10.22034/jokl.2025.141350.1373

**کورتە**

ئەم وتارە بە شوێن دۆخ یان چۆنییەتی دەرکەوتنی چەمکی «منداڵ» و «منداڵی» لەناو دەقی نووسراوەیی و زارەکی کوردیدا دەگەڕێت. کاتێک باسی منداڵ و منداڵی دەکرێت، بابەتەکە لە دوو ڕوانگەوە دەکەوێتە بەر سەرنج؛ یەکەم، منداڵ وەک دیاردەیەکی بایەلۆژیی کە هەر لە سەرەتای ژینی مرۆڤەوە هەبووە و بە ڕەوتێکی گەشەی جەستەییدا تێپەڕیوە. دووەم، منداڵ وەک چەمکێکی کۆمەڵایەتی کە لێرەدا دەبێتە دیاردەیەکی مێژوویی؛ واتە لە چاخێکی تایبەتی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا سەریهەڵداوە. پرسی سەرەکی ئەم وتارە ئەمەیە کە، ئایا دوو چەمکی منداڵ و منداڵی وەک دیاردەیەکی بایەلۆژی دەرکەوتوون یان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی؟ میتۆدی لێکدانەوەی وتارەکە «شیکاریی زمانی چەمکین»ی نێو دەقە بژاردەکانی ئەم توێژینەوەیە. بۆ ئەم مەبەستە توێژەر لەنێو کۆمەڵێک لە کۆنترین دەقە مێژوویی و ئەدەبی (شێعری) و هەروەها فەرهەنگی زارەکی (بەیت و پەندی پێشینان) پەیجۆری بابەتەکەی کردووە و لەسەر دەیان نموونەی ناو دەقەکان شیکردنەوەی بۆ ئەم دوو چەمکە ئەنجام داوە. ئەنجامی توێژینەوەکە ڕوونی دەکاتەوە کە لە دەقی نووسراو و زارەکی کوردیدا منداڵ و منداڵی، زێدەتر وەک دیاردەیەکی بایەلۆژی دەردەکەون.

***وشەگەلی سەرەکی:*** منداڵ، بچووک، منداڵی، مێژووی کورد، بەیتی کوردی، شێعری کوردی، پەندی کوردی

**چکیده**

این مقاله به بررسی وضعیت یا چگونگی ظهور مفاهیم «کودک» و «کودکی» در متون نوشتاری و شفاهی کُردی می‌پردازد. هنگامی که از این مفاهیم بحث به میان می آید، موضوع از دو منظر مورد توجه قرار می‌گیرد؛ اول، کودک به عنوان یک پدیده زیستی که از آغاز زندگی بشر وجود داشته و فرایند رشد فیزیکی را طی کرده است. دوم، کودک به عنوان یک مفهوم اجتماعی که به مثابه کودکی، به یک پدیده تاریخی تبدیل می‌شود؛ یعنی در مرحله خاصی از رشد اجتماعی انسان ظهور کرده است. سوال اصلی مقاله این است که آیا دو مفهوم کودک و کودکی در تاریخ و ادب کُردی یک پدیده زیستی هستند یا به عنوان یک پدیدۀ اجتماعی ظهور کرده‌اند؟ روش پژوهش در این مقاله «تحلیل مفهومی» زبان متون منتخب در این مطالعه است. به همین منظور، محقق، موضوع را در میان قدیمی‌ترین متون تاریخی و ادبی (شعر) و فرهنگ‌های شفاهی (داستان منظوم و ضرب‌المثل) بررسی نموده و دو مفهوم کودک و کودکی را با ارائه دهها مثال در متون مورد نظر، تحلیل نموده است. نتایج مطالعه نشان می‌دهد که در متون نوشتاری و شفاهی کُردی، کودک و کودکی بیشتر به عنوان یک پدیده زیستی ظاهر می‌شوند.

***واژگان کلیدی:*** کودک، کودکی، دوران کودکی، تاریخ کُرد، داستان منظوم کردی، شعر کردی، ضرب‌المثل‌های کردی

---

[١]. ماستەری فەلسەفەی پەروەردە، بانە، ئێران
hermankurd@gmail.com

## ۱- پێشەکی

ئێمە نازانین یەکەم جار کەی و چۆن وشەی «منداڵ» داهاتووە بۆ پێناسەی بوونەوەرێکی بچووک و لاواز و بێئەنوا کە دواتر دەبێتە وەچەی مرۆڤ بۆ ئەوەی دەوامی تەمەن و مانەوەی بنەچە و ڕەگەزی مسۆگەر بکات. ئەم بوونەوەرە، «ناو»ی بووبێت یان نا، جەبری سروشت باری گوزەرانی لە «هیچ»ـەوە بەرەو ئەو دۆخەی کە ئێستا تێیدا دەژی پاڵ پێوەناوە. ئێمە چۆن لە منداڵ تێدەگەین؟ بەپێی گێڕانەوەی مێژوو، مرۆڤ بەر لەوەی لە ڕاهێنان و پەروەردەی منداڵ بیری کردبێتەوە، لە ئەنجامی جووتبوونی نێر و مێیەک، زارۆکێکی هێناوەتە دنیا کە جگە لە شێوازی غەریزی و ڕەمەکی، نەیزانیوە چۆن لەگەڵی هەڵسوکەوت بکا و بیعاملێنێ.

مێژووی منداڵ و «سەردەمی منداڵی»[1] زۆرێک لە مێژوونووسانی هاوچەرخی سەرسام کردووە و بوارەکە لە ئێستادا ڕووی لە پەرەسەندنە. مێژوونووسانی سەردەمی منداڵی دان بەوەدا دەنێن کە ڕەهەندی وەها لە ئەزموون و ژیانی منداڵاندا هەیە کە ئێمە هێشتا شایەتحاڵی ڕاستەوخۆمان بۆی نییە، بەڵام دەڵێن دەتوانین زانیاری گرنگ لەبارەی گۆڕانکارییەکانی سروشتی منداڵی و بارودۆخی منداڵان لە ڕابردوودا وەدەست بخەین. مێژوونووسانی سەردەمی منداڵی پشتڕاستی دەکەنەوە کە دۆزینەوەی بەڵگەی قایم سەبارەت بە ڕابردووی منداڵان قورسترە لە بەدەستەوەدانی بەڵگەی ڕابردووی گەورەساڵان چونکە ئەمان (منداڵان) بە هەزاران ساڵ لە خەیاڵی گەورەکاندا نەهاتوونە ژمار و کەس حسێبی بۆ نەکردوون کەچی گەورەکان بە کەیفی خۆیان دنیایان بە سەر گێڕاوە.

جێگە و پێگەی منداڵ لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا هەڵگری لێکدانەوەی تایبەتە. هەر کۆمەڵگەیەک لەسەر کۆمەڵێک بنەما و ڕەگەزی مێژوویی، کەلتووریی، ئایینی و ئابووریی وەچەی تایبەت بە خۆی دەخاتەوە و پێی دەگەیەنێت. ئەنجا بە هەنگاونانی منداڵ بۆ ناو ژیان، یان گەرەنتی مانەوە و دەوامی عومری ئەو کۆمەڵگە مسۆگەر دەکات یان لە گوزەرانێکی نامرۆیی و پاتاڵئامێز بە لێوارەکانی ژیانێکی ڕۆتینیدا شۆڕی دەکاتەوە. وەک لە توێژینەوە مێژووییەکاندا باسی لێدەکرێت، سەنگی «منداڵی»، وەک سەردەمێک لە تەمەنی مرۆڤ کە هەڵگری هەندێک خەسڵەتی تایبەت بە خۆیەتی، لە سەردەمی مۆدێرنەوە بەرجەستە دەبێت. لەوە پێشتر «منداڵ، وەک منداڵ»[2]، سەیری نەکراوە بەڵکو ڕێک هاوشێوەی مرۆڤی باڵغ و گەورەساڵ بینراوە کە تەنها بە جەستە لەگەڵ گەورەکاندا جیاواز بووە؛ ئەویان بووچکەڵە و بێدەسەڵات، ئەمیان هەراش و بە زەبر و زەنگ (شەبانی، ۲۰۲۵: ۹).

---

1. Childhood
2.child as a child

لە بەراییەکانی سەدەی هەژدەدا واتای منداڵی هێشتا لەژێر کاریگەریی هزری *کالوینیدا* بوو؛ *جۆن* کالوین[1]، قۆناغی منداڵی بە سەردەمێکی شەیتانی لەقەڵەم دەدا و پێی وابوو کە بەناچار دەبێ زوو خۆمانی لێ دەرباز بکەین. ئەو بۆ منداڵان، وەک بوونەوەرگەلێکی ناپاک، هاروهاج، شەیتان، شەڕانی، بەتاڵپا و بێکەڵک دەیڕوانی. لە ڕوانگەی کۆنەواریدا «منداڵی باش» کەسێک بووە کە ڕێک وەک گەورەساڵێک هەڵسوکەوت بکات. منداڵی باش، یان گەورەساڵێکی بە قەڵافەت بچووک، کەسێکی بەرپرسیار، هێدی و گوێڕایەڵ بوو. هەتا کاتی کەمتری بۆ یاری و گەمە و هەڵسوکەوتی منداڵانە تەرخان بکردایە، زیاتر لە بەردڵان و پەسندی گەورەکان دەبوو.

لە دیدی ڕۆسۆ-وە کە بۆ منداڵی وەک «سروشتیترین قۆناغی گەشەی مرۆڤ» دەیڕوانی، دەبێ ئەم قۆناغە بەتام و چێژ بێت و تا بۆمان دەکرێ درێژخایەن بێت. ڕۆسۆ قۆناغی منداڵی بە قۆناغێکی زۆر گرنگ وەسف دەکات بەو مەرجەی پەلە نەکرێت لە تێپەڕاندنی. ئەو لە مۆدێلی سروشت کەڵک وەردەگرێت و بۆ منداڵ وەک میوەیەک دەیڕوانی گەر بێتوو بە کاڵی لە دارەکەی بکەیتەوە، کرچ و کاڵ و بێتام دەبێ و وەلا دەنرێت. ئەنجامی وەها دەستێوەردانێک لە پەروەردەدا جگە لە «زانایانی لاو» و «منداڵانی پیر» بەرهەمێکی لێ ناکەوێتەوە (شەبانی، ٢٠٢٤: ٨٨).

دیارە لە ئێستادا لەسەر منداڵ و منداڵی، وەک سووژەیەکی پزیشکی و دەروونناسانە، داتا و زانیاری زۆر لەبەر دەستدا هەیە. بە سەدان پزیشکی پسپۆڕ و دەروونناسی منداڵان لە کۆمەڵگەدا ئامادەن زانیاری بدەن بە بنەماڵەکان بۆ ئەوەی لە کاتی سەرهەڵدانی ئازارێکی جەستەیی یان گرێیەکی دەروونی، یارمەتیدەریان بن؛ بەڵام بیرکردنەوە و توێژینەوە لە بابەت ئەم دوو وشە وەک چەمکێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی، بابەتێکی نوێیە بۆ توێژەرانی ئەم بوارە.

## ٢- کێشە و پرسی توێژینەوە

هەر توێژینەوەیەکی زانستی لە کێشەیەک دەکۆڵێتەوە و توێژەر لە هەوڵی چارەسەرکردنیدایە. قۆناخی گەیشتن بە کێشە و دیاریکردنی، یەکەمین و گرینگترین هەنگاوە لە توێژینەوەدا (بۆکانی، ٢٠٢٠: ٣٤). ئەم توێژینەوەیە پەیدۆزیی ئەم کێشە دەکات و دەیەوێت نیشانی بدات کە چەمکەکانی منداڵ و منداڵی لەنێو دەقی کوردیدا چۆن دەرکەوتوون. ئایا ڕوانینی زارەکی و نووسراوەیی کورد بۆ ئەم دوو چەمکە چۆن بووە؟ لەم سۆنگەوە، پرسی سەرەکی وتارەکە ئەمە دەبێت:

ئایا دوو چەمکی «منداڵ» و «منداڵی» وەک دیاردەیەکی بایەلۆژی دەرکەوتوون یان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی؟

---

1. John Calvin

به گشتی منداڵی یا به قۆناغێکی سروشتی بایەلۆژی گەشەکردن یان بیرۆکەیەک یان داهێنانێکی مۆدێرن دادەنرێت. تیۆرییەکانی منداڵی پەیوەندییان بەوەوە هەیە کە منداڵ چییە و سروشتی منداڵی و بەکارهێنانی چەمکی منداڵ یان منداڵی لە کۆمەڵگادا چۆنە. چەمکی منداڵی وەک هەر داهێنانێک لە پەیوەندییەکی بەهێزی نێوان بیرۆکە و تەکنەلۆژیاکانەوە لە چوارچێوەی پێداویستییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکاندا دروست بووە.[1]

کاتێک باسی منداڵ و منداڵی دەکرێت، بابەتەکە لە دوو ڕوانگەوە دەکەوێتە بەر سەرنج؛ یەکەم، منداڵ وەک دیاردەیەکی بایەلۆژیی کە هەر لە سەرەتای ژینی مرۆڤەوە هەبووە و بە ڕەوتێکی گەشەی جەستەییدا تێپەڕیوە. دووەم، منداڵ وەک چەمکێکی کۆمەڵایەتی کە لێرەدا دەبێتە دیاردەیەکی مێژوویی؛ واتە لە چاخێکی تایبەتی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا سەریهەڵداوە. مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، سەردەرهێنانە لە چەمک و واتاکانی منداڵ و منداڵی لەهەناوی هەڵبژاردەیەک لە وێژە و مێژووی کوردی و هەروەها فەرهەنگی زارەکی کوردەواری.

## ۳- توێژینەوەکانی پێشوو

گۆڕەپانی باس و بابەتی توێژینەوەیی لە بواری منداڵ و منداڵی لە دوو ڕوانگەی کۆمەڵناسانە و مێژووییانە لە کتێبخانەی کوردیدا، وەک گەلێک بواری دیکەی زانستی، مەخابن، لە چۆڵەوانی دەچێت. بۆیە کاتێک توێژەر بە دوای سەرچاوەی بڕواپێکراوی زانستی و جیددیدا دەگەڕا بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم وتارە بە پێشینەی توێژینەوەیی ببەستێتەوە، بەداخەوە بەرهەمێکی ئەوتۆی بەردەست نەکەوت. کەواتە ڕەنگە ئەم توێژینەوەیە لە ڕیزی یەکەم کارگەلێک بێت کە لەم بوارەدا بەئەنجام گەیشتبێت.

لەسەر ئاستی جیهانیدا وەک لە توێژینەوە مێژووییەکانی ئەم بوارەدا دەردەکەوێت، یەکەم کەسێک کە بۆ مێژوونووسان هاندەر بووە بۆ ئەوەی سەردەمی منداڵی بکەوێتە ناو بەریانی مێژوو، فیلیپ ئاریس[2]، مێژوونووسی دیمۆگرافیای فەڕەنسی بووە کە لە دووتوێی کتێبە ناودارەکەی بە ناوی *سەدەکانی منداڵی؛ مێژووی کۆمەڵایەتی ژینی خێزان*، بۆ یەکەم جار سەرنجی توێژەرانە و زانستییانەی بۆ ئەم بابەتە ڕاکێشاوە و تیشکی سەر هاویشتووە.

ئاریس لە سەرەتای کتێبەکەیدا ئەم پرسیارە دێنێتە ئاراوە کە ئایا مافی ئەوەمان هەیە باسی «مێژووی خێزان» بکەین؟ ئایا دیاردەی خێزان زیاتر ملکەچی غەریزە بووە یان مێژوو؟ واتە خێزان زیاتر لەژێر کاریگەریی غەریزەدا بووە یان ئەوە مێژوو بووە کە ڕەوتوکەوتی بۆ دیاری کردووە؟ ئەو

1. https://www.encyclopedia.com/children/encyclopedias-almanacs transcripts-and-maps/theories-childhood.

2 . Philippe, Ariès

پێمان دەڵێت کە دەتوانین بەڵگەی قایم بەدەستەوە بدەین کە خێزان، جۆری مرۆڤی لە جووڵە و بزووتنی کۆمەڵایەتی خستووە. لای ئاریس، بیرۆکەی خێزان وەک یەکێک لە هێزە مەزنەکانی سەردەمی ئێمە دەرکەوتووە (Ariès,1961:11).

ئاریس بە یارمەتی تابلۆ هونەرییەکانی خێزان، کە زیاتر بە لای نوخبەکاندا دائەکێشرا، دەیسەلماند کە ئەوروپییە نەریتییەکان بۆ سەردەمی مندالٚی، وێنایەکی تایبەتیان وەک قۆناغێکی جیاوازی ژیان نییە و حەزدەکەن منداڵان بخەنە پەراوێزی خێزانەوە. بۆ نموونە تابلۆکان دەریانخستووە کە منداڵان یان بە لێوارەکانی خێزانە سەرەکییەکەدا دەسووڕێنەوە، یان وەک گەورەساڵان پۆشاک لەبەر دەکەن، یان هەردووکیان (Ariès,1961:10).

کتێبەکەی ئاریس وەک ڕەچەشکاندنێک دەردەکەوێت کە بۆ یەکەم جار شرۆڤەی چەمکی مندالٚ و سەردەمی مندالٚی دەکات لە ڕوانگەی مێژوویی و جڤاتناسییەوە.

گەر وەک پێشینەی توێژینەوەکە ئاماژە بە بەرهەمێکی دیکە بدەین، دەکرێ باسی وتارێکی مارگاریت جۆرجیا[1] بکەین، بە ناوی «سەردەمی مندالٚی لە وێژەی بریتانیدا» کە لە *ئنسایکلۆپیدیای بابەتەکان لە ئەدەبیات*[2] لە ساڵی ٢٠١١دا بڵاو بۆتەوە. لەم وتارەدا چەمکی مندالٚی بۆ سەردەمانێکی دوور و درێژ، یەکێک لە سەرباسەکانی ئەدەبی ئینگلیزی بووە و منداڵان، بابەتی گەلێک شێعری سەردەمی ئیلیزابتی یەکەم بوون کە هەندێک لەم شێعرانە لە بەرهەمەکانی درایدن، بەرچاو دەکەون. ئەم ڕەوتە دواتر لە ئەدەبی سەدەکانی ١٩ و ٢٠دا زیاتر خۆی ئاشکرا دەکات و گرنگی زۆری پێدەدرێت (جۆرجیا، ١٣٩۴: ٢٠۴).

یەکێکی تر لەو بەرهەمانە، کتێبی *مێژووی سەردەمی مندالٚی لە ئێران*ـە کە زەهرا حاتەمی نووسیویەتی. لەم کتێبەدا چەمکی مندالٚی لە سەرەتای ناسرەدین شاوە (١٨۴٨) تا کۆتایی سەردەمی ڕەزاشا (١٩٣٠) شرۆڤە کراوە. حاتەمی پێی وایە کە لەم سەردەمانەدا بە هۆی پەیوەندی نوخبە ئێرانییەکان لەگەڵ ڕۆژاوا، تێڕوانین و بیرکردنەوەی کۆمەڵگەش بەرانبەر بە مندالٚ و مندالٚی تووشی گۆڕان بووە و وردە وردە، چەمکی مندالٚی و پێگەی منداڵان لە خێزاندا لە داڕشتنی سیاسەتی حوکمەت جێی خۆی دەکاتەوە (حاتەمی، ١۴٠١: ١۶).

لێرەدا پێویستە ئەمە بگوترێت کە گەرچی تەمەنی بەرهەمی نووسراوەییمان لە هەر دوو بواری مێژوویی و وێژەییدا لە شەشسەد ساڵ پتر نییە، بەڵام لەم وتارەدا هەوڵ دراوە لە هەر دوو بوارەکە

1. Margarita Georgieva
2. Encyclopedia of Themes in Literature

چەند سەرچاوەی دیار کە دەگەڕێنەوە بۆ دەوروبەری چوارسەد ساڵ پێش ئێستا، دەستنیشان بکرێت تاکوو بزانین لەم دەقە بژاردانەدا چ جۆرە نیگایەک بەرانبەر منداڵ و منداڵی لە ئارادا بووە.

## ۴- گریمانەی توێژینەوە

گریمانە بریتییە لە خەملاندن یان پێشنیارێکی زیرەکانە کە توێژەر بە شێوەیەکی کاتی پێوەی وابەستەیە و زیاتر لە ڕای توێژەر دەچێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی توێژنیەوەکەی، یان وڵامە بۆ پرسیارەکانی توێژینەوە (بۆکانی، ۲۰۲۰: ۴۴). بەپێی ئەوەی مێژووی «منداڵی» لەگوێن چەمکێکی کۆمەڵایەتی، لە سەر ئاستی دنیادا تێگەیەکی نوێیە و زۆر کۆن نییە، ئەم تێگەیشتنە لای جڤاتی کورد بە ڕێژەیەک نامۆیە و بگرە بە هۆی دوورکەوتنەوە لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی جیهانی مۆدێرن، تووشی دواکەوتنیش بووبێت. کەواتە دەکرێت گریمانەی ئەم توێژینەوە لەڕووی ئەم داکەوتە مێژووییەوە دابڕێژرێت؛ بەم پێیە توێژینەوەکە واگریمان دەکات کە چەمکی منداڵ و منداڵی لە دەقی کوردیدا بە هەر دوو شێوازە زارەکی و نووسراوەییەکەیدا زێدەتر ئاخێزگەیەکی بایەلۆژی هەبێت و دوور بێت لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی.

## ۵- میتۆدی توێژینەوە و بنەمای تیۆری

ئەم توێژینەوە لە خانەی «توێژینەوەی چۆنایەتی»[1]دا دەگونجێ و بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە لە بابەتەکە دەکۆڵێتەوە. میتۆدی لێکۆڵینەوەکە، میتۆدی «شیکاریی چەمکیی»[2] یان شیکردنەوەی چەمکەکانە. «شیکاریی چەمکیی، چالاکییەکی توێژینەوەییە کە فەیلەسوفانی «فەلسەفەی شیکاریی»[3] دایانهێناوە. ئەوان لە توێژینەوەکانیاندا پێوانەی زمانی، دەکەن بە پێوەر بۆ شرۆڤە و لێکدانەوەکان و لەجیاتی داهێنانی سیستەمێکی فەلسەفی و ئایدیۆلۆژیایی، هەوڵ دەدەن واتای چەمکەکان جێگیر بکەن (گوتک، ۱۳۸۸: ۱۹۱).

ئەوەی کە بە ناوی شیکاریی زمان دەیناسین، لەپێشدا لەسەر تەوەری زمانی ئاسایی و زارەکی وەرسووڕاوە. سەرنجدان بە زمانی ئاسایی و شیکاریی زمانناسانەی بابەتەکە، یەکەمجار لە لایەن فەیلەسوفی ناوداری نەمسایی، ڤیتگنشتاین[4]، لە کتێبی «توێژینەوە فەلسەفییەکان»دا هاتۆتە ئاراوە. هەڵبەت شیکارییە زمانەوانییەکان، تەنها خۆی نەبەستۆتەوە بە زمانی ئاسایی و بەڵکو پەلی

1. Qualitative research
2. conceptual analysis
3. analytical philosophy
4. Ludwig Josef Johann Wittgenstein (1889-1951)

هاویشتووە بۆ زمانی زانستی و هەروەها زمانی تەکنەلۆژیای جۆراوجۆر. جا بە هۆی ئەوە «بەکاربردن» لە شیکردنەوەی چەمکەکاندا گرینگە، فەیلەسوفانی زمان جەختیان لەوە کردەوە کە شیکاریی زمانی ئاسایی، تەنها بە واتای لێکدانەوەی پوختی وشەکان نییە، بەڵکوو وشەکان بەو جۆرەی کە لە زمانی ئاسایی بەکار دەبرێن، لە ڕاستیدا ئاراستەیەکن بەرەو واقیعەکان. لێرەدا مەبەست لە زمانی ئاسایی، ئەو زمانە «باو»ـەیە کە لە نێوان خەڵکی کۆمەڵگەدا برەوی هەیە و ڕاوێژی پێدەکرێت؛ هەر ئەو زمانە کە ڤیتگنشتاین ئاماژەی بۆ دەکات. پیتەرز[1] و هێریست[2]، پێیان وایە کە وشەکان تەنها کۆمەڵێک دەنگ یان نیشانە نین، بەڵکو ئامرازگەلێکن کە هەڵگری هەندێک ئەرک و تەوزیمی کۆمەڵایەتین (باقری، ١٣٨٩: ١٦٢).

شیکاریی چەمکەکان لە ڕوانگەی پیتەرز و هێریست، بەم پرسیارەوە دەست پێدەکات کە «کاتێک دەمانەوێت چەمکەکان شیی بکەینەوە، لەباری فەلسەفییەوە چ کارێک ئەنجام دەدەین؟» ڕەنگە یەکەم وڵام ئەمە بێت کە ئێمە دەست دەکەین بە پێناسەکردن. بەڕای ئەم دوو فەیلەسوفە پەروەردەیی‌یە، «پێناسەی چەمکەکان» جۆرێک لە شیکاریی چەمکییە و لەباری مێژووییەوە فەیلەسوفانێکی وەک سوکرات، هەوڵیان داوە شیکاریی چەمکەکان بە یارمەتی پێناسەکردنی چەمکەکان بە ئەنجام بگەیەنن. بابەتێکی تر کە ئەم دوو بیرمەندە دەیخەنە ڕوو، ئامانج یاخود قازانجی شیکاریی چەمکییە. لە ڕوانگەی ئەمان، شیکاریی چەمکیی قازانجێکی ئەوتۆی نییە مەگەر ئەوەی بەم بۆنەوە وڵامی پرسیار و بابەتی فەلسەفی بدرێتەوە. لە شیکاریی چەمکیندا پرسە فەلسەفییەکانی ئێمە ڕوون دەبنەوە و ئەم پرسیارانە لەگەڵ پرسە فەلسەفییەکاندا پەیوەندییەکی نزیک سازدەکەن. شیکاریی چەمکیی یارمەتیمان دەدات شوێنکاتی شتەکان بناسین و چۆنییەتی مامەڵەکردنی ئێمە لەگەڵ جیهان و ژینگە ڕوون دەکەنەوە (توسلی، ١٣٩٩: ٦٣).

لەم وتارەدا بە لەبەرچاوگرتنی ئەم میتۆدە هەوڵ دراوە دەلالەتی چەمکەکانی منداڵ و منداڵی لە هەناوی هزر و ئەرک و تەوزیمە کۆمەڵایەتیەکاندا شرۆڤە بکرێت بۆ ئەوەی بزانین بەکارهاتنی ئەم دوو چەمکە لە واقیعی زمانی کوردیدا زیاتر لە کام ئاراستەی بایەلۆژی یان کۆمەڵایەتییەوە تیشک وەر دەگرێت.

کۆکردنەوەی داتاکان بە شێوازی توێژینەوەی کتێبخانەیی بە ئەنجام گەیشتووە. بۆ گەڕان بە دوای چەمکی منداڵ و منداڵی لە دەقەکانی مەبەستی ئەم توێژینەوەدا، جگەلە هەندێک سەرچاوەی تایبەت، لە داتابەیسی ڤەژینبوکس[3]، سوود وەرگیراوە و ئەم بەستەرە کاری توێژەری لە

1. Peters, R. S.
2. Hirst P. H.
3. https://books.vejin.net/ck/author

قۆناغی کۆکردنەوەی داتاکان گەلێک ئاسان کردووە و بەم بۆنەوە پێویستە ستایشی ستافی ڤەژین بکرێت. لەم ڕێگەدا توێژەر بە لەبەرچاوگرتنی ڕەهەندی مێژوویی و دیرۆکیی بابەتەکە هەوڵیداوە پێوشوێنی چەمکی منداڵ و منداڵی، لەنێوان ئەو کتێبانەدا بگرێت کە لەباری مێژووییەوە لە جوملەی کۆنترین دەقی مێژوویی و ئەدەبی زمانی کوردیدا ڕیزبەند دەکرێن. لەم توێژینەدا دەقەکان، لەگوێن یەکەی شیکاریی بەکارهاتوون. بە هۆی ئەوە زمانی کوردی پێکهاتێکە لە چەند زاری جۆربەجۆر، بەم بۆنەوە هەوڵ دراوە لە بەشی شێعرییەکاندا هەر سێ زارە سەرەکییەکەی زمانی کوردی، واتە کرمانجیی سەروو، کرمانجیی ناوەڕاست و گۆران (هەورامی) لەخۆ بگرێت.

## ۶- پێناسەی چەمک و زاراوە؛

### ۱- ۶- منداڵی بایەلۆژی و منداڵی کۆمەڵایەتی

ئەوانەی مێژووی منداڵ و منداڵی پەیوەست دەکەنەوە بۆ مێژووی ئافراندنی جیهان و مرۆڤ، تووشی ئەم هەڵە دەبن کە پێیان وایە سەردەمی منداڵی و چەمکی منداڵی هاوکات لەگەڵ هاتنە دنیای مرۆڤەوە بەدیهاتوون. ئەم ئەرگیۆمێنتە دوو بابەتی «منداڵی بایەلۆژی» لەگەڵ «منداڵی کۆمەڵایەتی» تێکەڵ دەکات. منداڵ وەک دیاردەیەکی بایەلۆژی کە هەر لە سەرەتای ژینی مرۆڤەوە هەبووە و بە ڕەوتێکی گەشەی زێدەتر جەستەییدا تێپەڕیوە تاکوو ببێتە مرۆڤێکی هەراش و پێگەیشتوو، جیاوازە لە منداڵ وەک چەمکێکی کۆمەڵایەتی. منداڵی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی مێژوویی‌یە، واتە لە چاخێکی تایبەتی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا سەری هەڵداوە (پولادی، ۱۳۷۸: ۴۹). کەواتە منداڵی مێژوویی ئەو بوونەوەرەی ئێستایە کە بە ڕەوتێکی گەشەی دیرۆکیدا تێپەڕیووە تاکوو بەم شوێنەی ئێستا بگات.

لە تەفسیری زاڵ بە سەر منداڵی بایەلۆژیدا ئەوە ڕەهەندە سروشتییەکانی منداڵ و منداڵیە بەرجەستە دەبێت کە ئەویش بەپێی گەشەی بایەلۆژی و پرۆسەی باڵغبوون و فراژیی جەستەیی دێتە کایەوە. ئەم ڕەوتە تێگەیشتنێکی کرۆنۆلۆژیک و یەکپارچە لەم دوو چەمکە بەدەستەوە ئەدات؛ واتە لێرەدا دیدێکی ڕۆژژمێریی و هەمەکی لەسەر پێگەیشتن لە ئارادایە. بەو پێیە منداڵ وەک بوونەوەرێکی بایەلۆژی بەتەواوی لەژێر کاریگەریی و فرمانی سروشتدایە. سروشت هەرچی بە پێویست بزانێ لەبارەیەوە جێبەجێی دەکات. لەم ئاراستەدا دەستێوەردانی مرۆڤ، بۆ نمونە حەز و خولیای دایک و باوک لە پرۆسەکەدا دەورێکی ئەوتۆ نابینێ و هەموو شتێک بە شیرازەی سروشت پێکەوە دەبەسترێتەوە.

منداڵ، وەک چەمکێکی کۆمەڵایەتی بەو واتایە دێتە ناو باسەکەوە کە گەشەی منداڵان بە ڕێڕەوی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە تێدەپەڕێت. منداڵان لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە خۆبەخۆ گەورە نابن؛ ئەوان بیرکردنەوە، هەستکردن و گرتنی پەیوەندی و چۆنییەتی هەڵسوکەوت لە بەستێنێکی کۆمەڵایەتی و لەناو چالاکییەکاندا فێر دەبن. سەرجەمی ئەم پرۆسە لە ڕەوتی منداڵیدا چێ دەبێت و دەفراژوێت. ئەمانەش لەژێر باندۆری ئەو پێناسەیە کە لە منداڵ و سەردەمی منداڵی دەکرێت و پێمان دەڵێت منداڵی کەی دەستپێدەکا و کەی کۆتایی پێ دێت (Woodhed,2015:32).

کەواتە ئەگەر بۆ منداڵی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بڕوانین، لێرەدا و لە بەستەری ژینی کوردەواریدا منداڵی کۆمەڵایەتی ئەو منداڵەیە کە «بوونی»، وەک بوونەوەرێکی تایبەت و جیاواز لە گەورەکان، لەلایەن کۆمەڵگەوە بە ڕەسمی دەناسرێ و ئەو قۆناغەش تێیدەپەڕێنێ بەهەند وەردەگیرێت.

**٧- ئەنجامەکانی توێژینەوە**

**١- ٧- منداڵ لە شوێنەواری مێژوویی و مێژوودا**

**١-١- ٧- ئەشکەوتی گوندۆک**

زێدی کوردان وەک یەکێک لە لانکەکانی ژیاری و شارستانیەتی مرۆڤ لە ناوچەی مێزۆپۆتامیا، ئاسەوار و پاشماوەی ڕەچەڵەکی کۆنی ناوچەکەی لەخۆ گرتووە. گەر سەیری کۆنترین شوێنەواری مێژوویی کوردستان بکەین کە تێیدا منداڵ ئامادەیە، ئەوا دەبێ لە ئەشکەوتی «گوندۆک» ڕابمێنین کە لەپاڵ چیاکانی نزیک ئاکرێیە و ساڵی ١٨٥٠، شوێنەوارناس، لایارد[1] کە سەردانی کوردستانی کردووە، بە تێر و تەسەلی باسی دەکات. پاشان تۆفیق وەهبی لە ساڵی ١٩٤٨، بە زمانی ئینگلیسی لە کتێبی «پەیکەرە بەردینەکانی ئەشکەوتی گوندۆک»، لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات. هەروەها لە بەشی مێژووی هونەر و شوێنەواری ماڵپەڕی زانکۆی کولۆمبیا[2] لە نیۆیۆرک بە وێنە و نووسراوە باسی کراوە. بەپێی ئەو بەڵگە و دەقە مێژووییە، بە لاشانی ئەشکەوتەکەوە چەند نەخشێک هەڵکۆڵدراون کە دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدەیەك لە ناوەڕاستی هەزارەی سێیەمی پێش زایین.

لە سەرووی ئەم بەردەنەخشینەدا پیاوێک دیارە کە بزنێکی کێوی بە ڕمب دەکوژێت. لە خوارەوە، ژنان ڕووبەڕووی یەکترن و لەسەر پیسایی دانیشتوون. هەریەکەیان منداڵێک لە سەرووی جۆرێک لە حەوز یان دەفرێکی بازنەییەوە دەگرن، وەک ئەوەی بۆ خاوێنکردنەوە لە ئاویان هەڵکێشن. لەپشت

1. Sir Austen Henry Layard (1817-1894)
2. https://mcid.mcah.columbia.edu/ku/art-atlas/mapping-mesopotamian-monuments/rock-reliefs

ژنێکی دانیشتووی لای چەپەوە، زەلامێک منداڵێکی هەڵگرتووە، ژنێک بەدوایدا دێت. لە دیوی بەرانبەردا سێ کەس هەن، دیارە ئاژەڵێک دەکەنە قوربانی. لەسەر تاتەبەردەکان یان لە نزیکیانەوە هیچ نووسراوەیەک نییە.

لە بەشێکی دیکەدا پیاوێکی بێڕیش، لە لای ڕاستەوە دانیشتووە و ژنێکیش بەرانبەریەتی. لە نێوانیاندا، لەسەر بەردێک، کە وادیارە وەک مێزێک بەکاری دێنن، منداڵێک هەیە کە دەستی بەرەو دەمی پیاوەکە درێژ کردووەتەوە. لەنێوان منداڵەکە و ژنەکەدا پاشماوەی فیگەرێکی شکاو دەردەکەوێت کە ڕەنگە پارچەیەک بێت لە یارییەکە بەڵام ڕەنگە منداڵێکی دیکە بێت. دەستی ژنەکە درێژ دەکرێتەوە وەک ئەوەی خۆراک بدات بە منداڵی دووەم. لە پشت ژنەکەوە دوو کەسی دیکە لە فیگەرە دانیشتووەکان نزیک دەبنەوە. یەکەمیان پیاوێکە کە شتێکی گەورەی هەڵگرتووە، ڕەنگە منداڵێکی دیکە بێت، دووەمیان ژنێکە دیسان ڕەنگە منداڵێکی ساوا بێت کە لە باوەشیدا هەڵیگرتووە (Wahby,1948:section 1).



وێنە: وەرگیراو لە ماڵپەڕی زانکۆی کۆلۆمبیا (نیۆیۆرک)

گەرچی لەم وێنەدا ئەو وردەکارییەی کە لە کتێبەکەی لایارد و مامۆستا وەهبی باسی کراوە، بە ڕوونی نابیندرێت بەڵام بە پشتبەستن بە تێبینی و ڕوانینی ئەو مێژوونووسانە دەتوانین بابەتەکە شیی بکەینەوە.

ئێمە دەتوانین بۆ ئەم ئەشکەوتە وەک شوێنەوارێکی بەنرخ لە مێژووی ژیاری مرۆڤی کورد بڕوانین. هەبوونی منداڵ لەم بەردە نەخشێنراوەدا هەڵگری دەلالەتێکی واتادارە. بۆ تێگەیشتن لەم واتایە، با دۆخێکی تر وێنا بکەین؛ ئەویش گریمانەی غیاب و نەبوونی منداڵ لەسەر ئەم بەردە هەڵکۆڵدراوەیە. گەر منداڵ نەبووایە و هەموو مرۆڤەکانی سەر تاتەبەردەکە، زەلامی گەورە و هەراش بوونایە، ئەو دەم خوێندنەوەمان بۆ ئەم دیمەنە چۆن دەبوو؟ ئایا پرسیارمان نەدەکرد کە بۆچی منداڵی تێدا نییە؟ بێگومان

ڕوانینمان دەگۆڕا. کەواتە هەبوونی منداڵ لەم ئاسەوارەدا پێمان دەڵێت کە بۆ مرۆڤی دەوروبەری پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەری ئەشکەوتەکە –ئەگەر بە دڵنیاییەوە نەڵێین کورد بوون، لانیکەم ئەم شوێنە بە درێژایی مێژوو، زێد و خاکی کوردان بووە - گرنگ بووە. هەبوونی هەر دوو ڕەگەزی پیاو و ژن و منداڵی ناو باوەش و ئامادە لەناو گەمەی ژیاندا، بە واتای جۆرێکە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە چەشنی خێزانی سەرەتایی. هەڵبەت ڕەنگە ڕوانینمان بۆ خێزان بە هەمان واتای هەنووکەیی نەبێت کە هەڵگری قەوارەیەکی سنووردار و پێناسەیەکی کۆمەڵناسییانە یاخود ئایینی بێت.

لەم تاتەبەردە نەخشین و دێرینەدا و بە پشتبەستن بە مێژووی ژیاریی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ، وا دەردەکەوێت کە منداڵ تەنها وەک بوونەوەرێکی بایەلۆژی نەخشێندراوە و لە باشترین دۆخدا دەتوانین بوونێکی کۆمەڵەکیی (نەک کۆمەڵایەتی) بۆ قایل بین. مەبەست لە بوونی کۆمەڵەکیی منداڵ، ژیانی ئاپۆرەیی مرۆڤەکانە کە پاڵنەرەکەی زێدەتر ڕەگەزە سروشتییەکانە نەک بە پێوەرەکانی کۆمەڵناسی کە هۆکارەکەی بۆ دەزگا و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێنێتەوە. شۆردن و خاوێنکردنەوەی منداڵەکە لە نەخشی ئەم تاتەبەردەدا ڕەنگە ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی بنوێنێت بەڵام لە ڕاستیدا ئەم کردارە زیاتر لە خزمەت پاراستنی بایەلۆژیکی مرۆڤدایە. ئەوەی لێرەدا دەکرێت وەک بابەتێک بۆ تێڕامان ئاوڕی لێ بدرێتەوە، بزر نەبوونی منداڵە وەک مرۆڤێکی بچووک و نەفراژوو کە نەک لە خەیاڵی هونەرمەندانەی مرۆڤی ئەو سەردەمە قت نەبووە، بگرە وەک بوونەوەرێکی شیاوی پاراستن لەژێر ساباتی ئاسایشی ژن – وەک دایک – درێژە بە ژیان دەدات.

**٢- ١- ٧- شەرەفنامە**

پاش ئەم نموونە کەونارایە لە ئاسەواری دێرینی زێدی کوردان، دەپەرژێینە سەر یەکەم بەرهەمی مێژوویی کوردەواری کە بە خامەی پیاوێکی بلیمەت و میرێکی کوردی نەجیمزایە نووسراوە، بەڵام مخابن بە زمانی زگماکی نییە و بە فارسی هاتۆتە نڤیساندن.[1] ئەم کتێبە، پەرتووکی ناوداری

١. ڕەنگە هۆکاری نووسینی شەرەفنامە بە زمانی فارسی، بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە «میرشەرەفخان لە ساڵی ١٥٤٣، لە ناوچەیەک نزیک شاری قوم لە دایک بووە و هەر لە منداڵییەوە لە کۆشکی پاشایانەی تەهماسب سەفەوی، هاوڕێ لەگەڵ شازادەکان گەورە دەبێ و پەروەردە دەکرێت. هەر لەوێ دەنێردرێتە بەر خوێندن و پاش تەیکردنی پلەی باڵای خوێندنی ئەو سەردەمە، لە خزمەت پاشادا بە کاری سکرتارییەتی کۆشکی شاهانە سەرقاڵ دەبێت. لە میانەی تەمەنیدا، لە لایەن پاشاوە، دەکرێتە میری بتلیس و پاش نزیکەی ٢٠ ساڵ حوکمڕانی، ئینجا دەسەڵات ڕادەستی شەمسەدینی کوڕی دەکات و خۆی بە نووسینی کتێبان دەپەرژێنێ. سەرەنجام لە ساڵی ١٦٠٣ کۆچی دوایی دەکات» (سەفیزادە، ١٣٧٨: ٢١).
بە گوێرەی ئەمین زەکی بەگ، باوکی شەرەفخان ئیلتیجا (پەنا) بە ئێران دەبا و لە پاش بەینێکی تر شەرەفخان دێتە بتلیس و لە تەڕەف حکومەتی عوسمانییەوە بە ئەمیری بتلیس دەناسرێت (زەکی‌بەگ، ١٩٣١: ٤٤٨).

میرشەرەفخانی بدلیسی‌یە کە بە قەڵەمی هزرمەندانە و داهێنەرانەی مامۆستا هەژاری موکریانی وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی. کتێبەکە مێژووی ماڵە میرانی کورد دەگێڕێتەوە و وەک سەرچاوەیەکی بەنرخی مێژووی کورد ناوزەد دەکرێت. کەواتە لەم توێژینەوەدا ناکرێت بۆ ئەم کتێبە وەک دەقێکی کوردی لێی بڕوانین بەڵکو وەک بەڵگەنامەیەکی مێژوویی پەیوەست بە ڕابردووی کورد کە بەرهەمی کوردێکە کەڵکی لێوەردەگیرێت.

لە کتێبی شەرەفنامەدا وشەی منداڵ یان منداڵی، وەک چەمکێکی تایبەت بەکار نەبراوە کە هەڵگری خەسڵەت و مۆرکی ئەم بوونەوەرە بێت، بەڵکو زێدەتر بۆ شوبهاندن و وەسفی بەزەیی ئامێز یان وەک میراتگرێکی تەخت و بەختی شاهانە هاتۆتە ئاراوە:

غازان خان ناردی عومەربەگ و سەمسامیان هێنا و لە عومەربەگی پرسی تۆ بۆچی جەمالەدین خدرت کوشت؟ عومەر گوتی: چونکە ئەو منی نەکوشت! غازان خان ئەوجار پرسی: باشە ئەی **کوڕە چکۆلە**کەیت بۆ کوشت؟ عومەر لە وەراما ڕاما و بە سەرکزی داما...لە پاش کوژرانی عومەربەگ و سەمسامەدین مەحموود، عیزەدین محەمەد – کە هێشتا **منداڵ** بوو – کرا بە فەرمانڕەوا. ساڵی 1295 (بەدلیسی، ۲۰۰۶: ۶۹).

لەم ڕستەدا غازان خان (۱۳۰۴-۱۲۷۱ز)، حەوتەمین سوڵتانی مەنگوولیایی دەسەڵاتداری ئێران، لە هۆکاری کوشتنی کوڕێکی بچووک واتە منداڵێک لە لایەن عومەربەگ فەرمانڕەوای لوڕستان دەکۆڵێتەوە. ئەم لێکۆڵینەوە بەو واتایە دێت کە کۆشتن و لەناوبردنی منداڵێک، شتێکی باو نییە و دەبێ لێپرسینەوەی لەبارەوە بکرێت. هەرچەند ئەم کردارە لە باب و باپیرانی غازان خان ناوەشێتەوە چونکە ئەوان بۆ کۆشتن و وێرانکاریی ناویان بە خراپە زڕاوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە غازان خان تازە بۆتە باوەڕدارێکی ئیسلامی، کەواتە دوور نییە ئەم پرسیارە بەزەیی‌ئامێزە بگەڕێتەوە بۆ کەلتووری باو لە شوێنی ژیانی ئەو سەردەمەدا.

لە درێژەی ئەم گێڕانەوەدا شەرەفخان باسی منداڵێک بە ناوی عیزەدین محەمەد دەکات کە پاش مەرگی عومەربەگ و سەمسامەدین دەبێتە فەرمانڕەوای لوڕستان. لێرەدا منداڵێک بێئەوەی ئامادەیی و توانایی حوکمڕانی هەبێت، دەبێتە فەرمانڕەوا. ئەم نەریتە دەگەڕێتەوە بۆ دابی پاشایەتی و مێژوویەکی دێرینی هەیە و تایبەت بە کورد نەبووە. لێرەدا وەک کەسێکی هەراش و پێگەیشتوو سەیری منداڵ ناکرێت بەڵکو تەنها وەک میراتگرێکی تەخت و بەختی سوڵتان و پاشایەک لێی دەڕوانن کە لە داهاتوودا بتوانێت زامنی ڕەچەڵەکی ساختەی پاشایەتی بێت و نەهێڵێت وەجاخی پاشای کۆچکردوو یان کوژراو کوێر بکاتەوە. لەم ڕوانگەوە ناکرێت ئەم بەدەسەڵاتگەیشتنەی منداڵێک وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لێک بدەینەوە بەڵکو لێرەدا منداڵەکە وەک وەجاخزادەیەک خوێنی شاهانە بە دەمارەکانیا دەڕوات و ئەمەش تەنها بیانوویەکی بایەلۆژییە نەک پێگەیشتنێکی کۆمەڵایەتی.

نەسرِوڵڵا کوڕی ئەبولکەرەم کوڕی عەبدولکەریم شەیبانی جزیری، وەزیری مەلیک ئەفزەڵ (کوڕی سەلاحەدین ئەییوبی)کە بە ئیبنوئەسیر ناوبانگی ڕۆیشتووە، لە جزیرەی ئیبنوعومەر لە دایک بووە و لەوێش پێگەیشتووە و کەس نەیتوانیوە لە زانایێدا لە بەری بکۆخێ و بڵێ ئەزم. دەڵێن زۆر بە **منداڵی** هەموو قورئانی لەبەر کردووە (بەدلیسی، ٢٠٠۶: ١١۴).

لێرەدا «منداڵی»، لە قۆناغێکی تایبەتی تەمەن ناچێت کە وا هەست بکەین لە تەمەنی گەورەساڵ و کەسانی بەتەمەن جیاواز بێت. منداڵیک هێندە بیرتیژ و لەسەرزەین بووە لەژێر کاریگەریی پەروەردەی ناچاریی ئایینی توانیویەتی توانستی بایەلۆژی زەینی خۆی بقۆزێتەوە و هەموو قورئان ئەزبەر بکات. بێگومان ئەم بەهرەیە بۆ هەموو منداڵێک دەست نادات کەواتە گەرچی ئەم ئەزبەرکردنە دەلالەتێکە بۆ پەروەردەیەکی کۆمەڵایەتی بەڵام لەو ئاستەدا نییە بەسەر هەموو منداڵاندا فەرز بکرێت و بۆ گشتاندن نابێت.

...کە ئەمیر محەمەد کوژرا، سوڵتان محەممەد زۆر **منداڵ** بوو. لە کوردستاندا باوە **منداڵ** بە ناوی باوکی نەماو ناو دەنێن (هەمان: ١٨٩).

ئەمەش نموونەیەکی ترە لە منداڵ-پاشا کە تەنها بە پێی بۆماوەی خێزانی، منداڵێک دەبێتە فەرمانڕەوا. دەڵێ سوڵتان محەمەد زۆر منداڵ بوو، واتە هێشتا ئاستی پێگەیشتن و تێگەیشتنی تێنەپەڕاندووە. کەچی هەر بە منداڵی پێشناوی سوڵتانی پێ بەخشراوە؛ کەواتە هەر لە بچووکییەوە بەناوی سوڵتان ناسراوە. لە ڕستەی دووەمدا شەرەفخان پەنجە بۆ نەریتێکی کوردەواری درێژ دەکات کە بۆ ئەوەی ناوی باوک واتە گەورەی ماڵ لەناو خێزاندا کوێر نەبێتەوە، هەمان ناوی باوکی مردوو لە منداڵی ساوا دەنرێت.

شەرەفخان کە دێتە سەر باسی فەرمانڕەوایانی ئامێدی، ئاکاری خەڵکەکەی لێک دەداتەوە و تێکڕا بە کەسانی لە خواترس و باش ناوبردەیان دەکات و دەڵێت:

زمانی دانیشتووانی ئامێدی، عارەبی و کوردی تێکەڵاوە و گەورە و بچووکیان بە تێکڕایی لە خواترس و چاکەکار و دەست بڵاوە (هەمان: ١۶١).

وشەی «بچووک» هەمان منداڵە کە شانبەشانی گەورە ئاماژەی پێکراوە. یان لە شوێنێکی دیکەدا گچکە و بەچکە، کینایە لە منداڵە:

خەڵکی ئەو ناوچەیە (ناوچەی خێزان) لەچاو خەڵکی تری کوردستان زووتر لە خەو هەستاون و بۆ نوێژ و پاڕانەوە لەبەر بارەگای خودا وێستاون و گەورە و **گچکە** و پیر و **بەچکە**یان سەریان بچێ نوێژیان ناچێ. هەر بۆیە ناوی سەحەرخێزان تەواو پڕ بە پێستییانە (هەمان: ٢۶٩).

گچکە و بەچکە، واتە منداڵی ناوچەی «خێزان» هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ گەورەکان بەشدارن لە ئەرکی ئایینی کە ئەمە جۆرێکە لە پەروەردەی ئایینی ئەو سەردەمە. ئەم هاوئاهەنگییە گەرچی جۆرێک بەکۆمەڵایەتیبوونی لێ بەرداشت دەکرێت، بەڵام ئەمە بیچم گرتنە بە هەمان ڕواڵەتی

گەورەکان. چونکە منداڵ بە حەز و کەیفی خۆی سەحەرخێز نابێت تاکوو ئەرکێک کە هێشتا لەسەری فەرزیش نییە، بەجێی بێنێت. کەواتە ئەو منداڵانە با بە ڕواڵەتیش سەرلەرەهنی دایبابانی خۆیان، ببنە کەسانێکی بەرماڵبەکۆڵ-یش، بەڵام ئەمە دووریان دەخاتەوە لە جیهانێکی تایبەت بە خۆیان کە ئەویش جیهانی منداڵیە.

**۲- ۷- منداڵ لە شێعری کوردیدا**

**۱- ۲- ۷- بێسارانی (۱۷۰۱-۱۶۴۳)**

مەلا مستەفا بێسارانی یەکێک لە شاعیرانی ناوداری کوردە کە بە زاری هەورامی گەلێک شێعری بە قاڵبی غەزەل و مەسنەوی هۆنیوەتەوە. هەندێک لە شاعیرانی پاش بێسارانی، بۆ وێنە مەولەوی ڕێزیان بۆ داناوە و لە شێعرەکانی ئەو ئیلهامیان وەرگرتووە (احمدی، ۱۳۹۵: ۱۰۰). لەم چەند دێڕەدا ڕوانگەی بێسارانی لە بابەت منداڵیەوە لێک دەدەینەوە:

ئاخ پەی **منالی**، ئاخ پەی **منالی**/ ئاخ وا درێغا پەرێ **منالی**
گۆشەی خاترم جە خەم بی خاڵی / لاقەید بیم جە تان، جە وەشی و تاڵی
هەر بازیم مەکەرد من چەنی یاران / مەشیم وە باوەش نازک نازاران
نازاران جەمین لێم نمەپۆشان / مەکەردم سەیران زوڵفی وەشبۆشان
ئیسە جە شوومی زەمانەی باتڵ / نازاران یەک یەک لێم مەکەران سڵ
(بێسارانی، ۱۹۸۱)

بێسارانی لەم شێعرەدا بۆ «منداڵی» وەک تافێک دەڕوانێت کە لە ژینی گەورەکان ناچێت. ئەم تایبەتمەندییە پڕیەتی لە بێگەردیی و لە تاوان بەدەرە. مەشیای بێسارانی ئەم شێعرەی لە تافی پیرییدا هۆنیبێتەوە، کاتێک دەڵێت: «ئاخ! پەی منالی، ئاخ و درێغا پەرێ منالی»؛ ئەم ئاخ هەڵکێشانە لێوانلێوە لە پەرۆش و حەسرەتی ئەو ئارەزووانە کە تەنیا لە قۆناغی منداڵیدا دەرفەتییان بۆ دەڕەخسێت. سەردەمی منداڵیەک کە ناهێڵێ خەیاڵی مرۆڤ خەم دایگرێ و هیچ بە دەربەستی تاڵیی و خۆشیی گەورەساڵانەوە نییە.

یاریکردن (هەر بازیم مەکەرد) یەکێک لە مافە تایبەتییەکانی منداڵانە کە ڕەنگە باسکردن لەم مافە بۆ منداڵی کورد لەو سەردەمەدا خاڵێکی وەرچەرخان بێت. لێرەدا منداڵ بەهۆی ئەو پاقژیبوونەی دەچێتە باوەشی ناسک و نازدارانەوە و ئەمە واقیعێکی سەردەمی منداڵیە کە چیدی لە تافی پیریی و گەورەساڵیدا دەست ناکەوێت و دواتر دەبێتە خەونێکی بەدینەهاتوو بۆ پیران. ئەو

جیهانە مندالانەی بێسارانی (کە هەڵبەت جیهانی مندالێکی نێرینەیە) ئاخی بۆ هەڵدەکێشێ، ئاوێتەیە بە ئارەزووە ڕۆمانسی/ ئیرۆتیکییە ناکامەکانی سەردەمی پیریی. جیهانێک کە تێیدا نازاران، مندالّ بە بوونەوەرێکی بەلەسەی ناپاک سەیر ناکەن بۆیە لە ئاستیدا ڕوخساریان داناپۆشن(نازاران جەمین لێم نمەپۆشان)؛ ئەمەش زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەوەی مندالّ بەو بێگەردییەوە تێر نوقمی زوڵفی خۆش بەرامیان بکات. لە کۆتاییدا بێسارانی، وەک ئەوەی بەسەر وێرانەکانی سەردەمی مندالّیدا کەوتبێت، زەمانەی گەورەساڵیی بە وەیشووم دەزانێ چونکە چیدی نازاران لە کەناری ئەم مندالّەدا هەست بە ئارامی ناکەن و لێی دەپرینگێنەوە. بێسارانی لە چەند شوێنی تر واژەی مندالّ و مندالّی بە کار دەبات:

دەروون جۆشش دا، بە دەرد **منالّی** / گەردی ڕووی زەردم، بە زوخالّ مالّی

..

چوون **تیفلان** ماچۆ، بەو گرینەوە / ئەو خالّەم مەبۆ، بەو جەمینەوە

..

زلێخام **ساوان**... زلێخام ساوان / دوو دیدەش وێنەی وەلەدەی **ساوان**

یەکێکی تر لە هاوواتاکانی مندالّ، وشەی «ساوا»یە. ساوا گەرچی زێدەتر بۆ کۆرپەی نەوڕەس بە کاربراوە بەڵام کاتێک لەگەڵ ناوێک ئاوێتە دەبێت، وەک ئەوەی بێسارانی دەڵێت «زلێخام ساوان»، ئیتر واتای کەسێک/مندالێک دەگەیەنێت کە هێشتا پێنەگەیشتووە و نەچۆتە ناو دنیای گەورەکانەوە بەڵام دەکرێ لەبەردلان بێت.

بە گشتی لە ڕووی ئەم چەند نمونە شێعرەی بێسارانی دەردەکەوێت کە شاعیر بۆ مندالّ و مندالّی دیدێکی تایبەت قایل بوویێت، گەرچی سەرەنجام ئەم چەمکانە دێنە خزمەت نوستالژیایەکی تافی گەورەساڵیی و پیریدا و دەبنە ئامرازێک بۆ تێگەیشتنی باشتر لە سەردەمی گەورەساڵیی.

### ٢- ٢- ٧- مەلای جزیری (١٦٤٠-١٥٦٧)

شێخ ئەحمەدی جزیری ناسراو بە مەلای جزیری شاعیری دێرین و پایەبەرزی کوردی باکوور، سەردەرچووی زۆر بواری دیکە وەک زانستی ئیسلامی، ئەستێرەناسی، جوگرافیا و ئەدەبی فارسی و تورکی بووە. دیوانی شێعری جزیری، یەکەم دیوانی شێعری کوردی بووە کە لەسەر ڕێسای عەرووزی خەلیل کوڕی ئەحمەد هۆنراوەتەوە (احمدی، ١٣٩٥: ٣٢٨). لە هەموو دیوانەکەی مەلای جزیریدا تەنها لە یەک شوێن وشەی تفلّ (مندالّ) هاتووە کە ئەویش بە واتای مەجازی بەکار براوە:

دێمێ ب خال ئەو نوون و دال، ئسمێ جەلال بەژنا شەپال

یەکتا ئەلف نایێ وەسف، من عەقلێ **تفلێ** مەزهەبە

پوختەی مانا: برۆکانی، ڕۆخساری بە وردەخاڵی، بەژنی زراوی بەرچاوی کە لە بیچمی ئەلفە بێ هاوتایە لە دنیایە. نامەخوا ئەوەندە جوانن، ناوی خوامان بیردێننەوە کە چۆنی دروست کردووە. دڵم — کە خۆی وەک منداڵە و عەقڵم کاڵە و پێویستی بە فێربوون هەیە هەتا بگات— وەک منداڵێکی بچووک کە تازە دەیبەنە فێرگە خەریکی دەرسی ئەلفم، هێشتا تەواو ڕەوانیشم نەکردووە (جزیری، ۱۳۶۱: ۴۶۱).

ئەگەر لەڕووی شرۆڤەکەی مامۆستا هەژارەوە بۆ ئەم دێڕەی مەلای جزیری لێکدانەوەمان هەبێت ئەوا دەکرێ بێژین، منداڵ لە ڕوانگەی شاعیردا بە بوونەوەرێکی کاڵفام و نەگەیشتوو لە قەڵەم دراوە. مەلای جزیری دڵی خۆی بە زارۆکێک دەشوبهێنێ کە هێز و توانای ئەوەی نییە تەنانەت نزیک دەرگانەی دڵدارەکەی بکەوێتەوە و لەم ڕێبازەدا خەریکی دارەدارەیە و تازە دەکەوێتە گارەگار.

**۳- ۲- ۷- ئەحمەدی خانی (۱۷۰۶-۱۶۵۰)**

زێدەڕۆیی نییە گەر بێژین ئەحمەدی خانی گەورەترین شاعیری کوردی باکوورە. تێکڕای شاعیرانی کورد، سەری کڕنۆشیان لەبەرانبەر مەزنایەتی ئەحمەدی خانی دانەواندووە و ئەم شاعیرەیان بە خواوەندی شێعر و هەڵبەست ناو بردووە (احمدی: ۳۴۱).

خانی لە کتێبی مەم و زیندا چەند جارێک وشەی «تفل»ی بەکار هانیوە و بەم جۆرە هەڵیبەستووە کە بە زۆری واتایەکی کینایی لە واژەکە بەدەستەوە ئەدات:

ئەڤ نامە ئەگەر خرابە گەر قەنج / کێشایە مە وێ د گەل دو سەد ڕەنج

نووبارەیە **تفلە** نوورەسیدە / هەر چەندە نەهن قەوی گوزیدە

...

ئەڤ **تفلە** ئەگەر نە نازەنینە / نەوبارە ب من قەوی شرینە

ئەڤ مێوە ئەگەر نە پڕ لەزیزە / ئەڤ **تفلە** ب من قەوی عەزیزە

....

ئەی تووتیێ پەروەشێ شرینی / وەی **تفلێ** توفەیلێ نازەنینی

کاتێک تاژدین ناهێڵێت میر زەینەدین بە دیداری عاشقانەی مەم و زین بزانێت و بۆ ڕێ ونکردن، ماڵەکەی خۆی لەپێناوی مەم-ی هاوڕێی ئاگر تێبەر دەدات. ئەستی لێی دەپرسێ:

گۆتێ: تە چ حالە ئەی تەهەمتەن / تەعجیل چیە؟ کیە تە دوشمەن

گۆ: ڕابە «ستی» کو من دەرەنگە / ئیرۆ مە د گەل ڤێ مالێ جەنگە

**تفلێ** خوە خەلاس کە دێ بچت مال / مال بۆ من و ها ژ بۆ تە منداڵ

(خانی، ١٩١٩، مەم و زین)

تاژدین بە ئەستی، هاوژینە خۆشەویستەکەی دەڵێت: با ماڵ و سامانەکە بۆ من بێت و منیش لەپێناو «مەم»، ئاگری تێبەردەدەم و تۆش برۆ کۆرپەکە بپارێزە. پاراستنی منداڵ لە دۆخێکی تەواو قەیراناوی لەم چەشنە، بە واتای پاراستن و دەوامەی ژیانە. تاژدین ئەم ئەرکە بە ئەستی کە «دایکە» دەسپێرێت؛ دایکێکی ئەڤیندار و ژیندۆست.

لەم چەند نمونەی مەم و زیندا خانی دیدێکی ناوازەمان بەرانبەر بە منداڵ ناداتێ و بەڵکو تەنیا وەک بوونەوەرێکی بایەلۆژی کە نەباڵغە و فرِی بەسەر واقیعە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانەوە نییە، ناوبردەی دەکات. بەکار هێنانی تفل لەو چەند دێرەی پێشوودا تەنها وەک پێویستییەک هاتۆتە ئاراوە کە دەبێ گەورە بیپارێزێت.

ئەحمەدی خانی لە بەرهەمێکی دیکەیدا بە ناوی «نووبەهارا بچووکان» (١٦٨٣)، بۆ یەکەم جار لە مێژووی نووسراوەیی کوردیدا کتێبێک بە مەبەستی فێربوونی منداڵان دەنووسێت. ئەم کتێبە لە ڕاستیدا ئەکرێ وەک یەکەم فەرهەنگی وشەی عەرەبی بە کوردی ناوبردە بکرێت کە بە شێوەی هۆنراوە، کۆمەڵێک وشە وەردەگێڕێتە زمانی کوردی. ئەوەی لێرەدا گرنگە و دەکرێ پەیوەستی مەبەستی ئەم وتارە بکرێت، تەنیا دوو دێڕ لە دیباچەی کتێبەکەیە کە خانی تێیدا پەرۆشی خۆی بۆ منداڵی کورد دەردەبڕێت:

ژ پاش حەمد و سەلەواتان، ئەڤ چەند کەلیمەنە ژ لوغاتان

ڤێک ئێخستن ئەحمەدێ خانی، ناڤێ «نووبهارا بچووکان» لێ دانی

نە ژ بۆ ساحب ڕەواجان، بەلکی ژ بۆ بچووکێت کورمانجان

وەکی ژ قورئانێ خلاس بن، لازمە ل سەوادێ چاڤناس بن

(خانی، ١٩١٩: نووبەهارا بچووکان)

خانی کتێبەکە بۆ «بچووکێت کورمانجان» ئێکدەخات نەک بۆ گەورەساڵ و ئەوانەی بۆرەپیاون. ئەو لە کتێبەکەدا جگە لەم دوو دێڕە، هیچ ئاماژەیەک بە منداڵ و سەردەمی منداڵی ناکات بەڵکو تەنیا پەرۆشی دواڕۆژی زمانی کوردییە کە دەزانێت لە ڕێگەی منداڵانەوە دەپارێزرێت. لێرەدا «منداڵی کورد» لە ڕوانگەی خانی‌یەوە تەنیا وەک کەسێک کە دەتوانێت هەڵگری میرات و گەنجینەی زمانی کوردی بێت سەیر دەکرێت نەک وەک بوونەوەرێکی تایبەت کە هەڵگری

ڕەهەند و خەسڵەتی شیاوی سەرنجی تایبەتیش بێت. دیارە ئەم کارەش جۆرێک ئاسانکارییە بۆ منداڵان بۆ ئەوەی کاتێک قورئان دەخوێنن، ئاسان لێی تێبگەن.

**۴- ۲- ۷- نالی (۱۸۵۶-۱۸۰۰)**

خدری شاوەیسی میکاییلی، ناسراو بە نالی، بێگومان شاعیرێکی گەورە و کەم وێنەی کوردە. شێعرەکانی نالی هێندە قووڵ و هونەرمەندانەیە کە ئاسان نییە لە ئەندێشە و هزری سەرەدەر بکەین. ئەو بە سێ زمانی کوردی، فارسی و عەرەبی شێعری هۆنیوە. لە دیوانە شێعرییەکەیدا لە دوو شوێن واژەی «تیفل» و لە غەزەلێکیش وشەی «منداڵانە»ی بەکار هێناوە:

ئەو **تیفلە** خورد سالە، هەر چەندە وەک غەزالە
ئەمما کە هاتە نەخچیر، شێر سەوڵەتی مەهیبە

واتە، یاری منداڵی تازە پێگەیشتووم، هەرچەندە ناسکە وەک ئاسک، بەڵام کە هاتە ڕاوکردن وەک شێر هەڵمەت ئەبا و بەسامە و لە چاوبەیەکادانێکا هەزارانت بۆ ڕاو دەکات[۱].

ئەشکم، کە لەگەڵ عەشقمە، **تیفل**ێکی فەهیمە
هۆشم، کە لەگەڵ خۆشمە، پیرێکی نەزانە

واتە: زۆر سەیرە! فرمێسکم زادەی عەشقە و تازەیە، عەشقیش سەرەڕۆیە و لە تێگەیشتنەوە دوورە، دەبوو فرمێسکیش کە زادەی عەشقە، تێنەگەیشتوو بووایە؛ کەچی ساوایەکی زانا و وریا و فامیدەیە. بەڵام هۆشم کە لەگەڵ هاتنە دنیامدا پەیدا بووە، دەبوو زانا و فامیدە بووایە کەچی بە پێچەوانەوە پیرێکی خەرەفاو و هیچ نەزانە.

لەم دوو دێڕەدا چەمکی تیفل، بە واتای منداڵ نییە وەک بوونەوەرێکی مرۆیی تایبەت. بەڵکو ئامرازێکە بۆ نواندنی چەند خەسڵەتی باوی سەردەم لە کەسێک (خودی شاعیرەکە و فرمێسکەکەی) تەنها بۆ ئەوەی ئیماژێکی هونەری و خەیاڵاوی بخولقێنێ. بەڵام لەم دێڕەی ژێرەوە نالی دۆخێکی منداڵانە ئەنەخشێنێ کە وەسفێکی تەواوە لە تایبەتمەندییەکی کۆرپەیی و منداڵی:

بۆ مەمک نالی چ **منداڵانە** وەی وەی کردووە
گەرچی مووی وەک شیرە، بەو شیرە شکۆفەی کردووە

۱. واتای شێعرەکانی نالی لەم بەشەدا بە پێی لێکدانەوەکانی مامۆستا عەبدلکەریم مودەڕیسە.

واتە بڕوانە بۆ نالی چۆن وەک منداڵ بۆ مەمکی یار ئەگری و کەوتۆتە هاوار هاوار، هەرچەندە پیریش بووە و مووی وەک شیر سپی بووە، بەو شیرەی مەمکی یار هەڵاڵەی کردووە و پێگەیشتووە.

نالی لێرەدا و بە درێژایی غەزەلەکە خۆی دێنێتە ئاستی منداڵێکی بە ڕواڵەت شیرەخۆرە و مەملەدەمە کاتێک لە ئامێزی دایکیدا شیر دەخوات و ئینجا ئارام دەگرێت. لە لایەنی ڕەمەکییەوە گەر سەرنجی بدەینێ، ئەوا نالی یەکێک لە ئارەزووە سروشتییەکانی خۆی لە قاڵبی شێعرێکی ئیرۆتیکدا ئاشکرا دەکات و پاشان وەک مەحکەمە لێپێچینەوەی خۆی دەکات و ئەم ئارەزووەی خۆی بە خواستێکی منداڵانە/هەرزەکارانە لەقەڵەم دەدات کە لەگەڵ جیهانی پیرانەی ئەو ناتەبایە.

کاتێک باسی خەسڵەتی منداڵانە دەکرێت، باش وایە - بێ ئەوەی دەلاقەیەکی تایبەت بۆ شاعیرێکی تر بکەینەوە — باسی موشاعیرە و پەنجەبازیی نێوان نالی و حەریق بکەین؛ حەریق (١٨٥٦-١٩٠٩) شاعیری هاوچەرخی نالی بووە و لە بەرانبەر ئەم غەزەلەی نالی کە دەڵێت: «عیشقت کە مەجازی بێ خواهیش مەکە ئیللا کچ»، غەزەلی «عیشقت کە حەقیقی بێ تالب مەبە ئیللا کوڕ» دەهۆنێت و لە کۆتاییدا بەم جۆرە سەرکۆنەی نالی دەکات:

سەد حەیفێ کە تۆ ناڵی، بەم پیرییە منداڵی

بەم تەرزە لە عیشق ئەدوێی، زیبا کچ و دیبا کوڕ (حەریق، ١٩٣٦)

بە گوێرەی حەریق، نالی، با پیر و عارفیش بێت، کەچی هێشتا پێنەگەیشتووە، بۆیە ئاستی تێگەیشتنی دائەکێشێتە ڕێژەی منداڵۆچکەیەک. لەم تێڕوانینەدا منداڵی و خەسڵەتی منداڵانە، جۆرێک دەربڕینی سووکایەتی ئامێزە بەو گەورەساڵ و پیرانەی کە هەوڵ دەدەن بگەڕێنەوە بۆ دنیا و خەدی منداڵی. کەواتە لە ڕوانگەی هەر دوو شاعیر (نالی و حەریق) منداڵی و هەڵسوکەوتی منداڵانە، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نییە بەڵکو بە ئاراستەیەکی بایەلۆژیدا دەڕوات کە تەنیا پێگەیشتنی جەستەیی و وێکچوویی لەگەڵ گەورەساڵدا پێناسەی دەکات.

## ٣- ٧- منداڵ لە بەیتی کوردیدا

بەیت، وەک بەشیک لە فۆلکلۆر، یەکێک لە پێکهاتەکانی ئەدەبی زارەکی کوردییە. «کاری کۆکردنەوەی بەیتی کوردی، وادیارە لە ساڵەکانی ١٩٠٣ و ١٩٠٤ بۆ یەکەم جار لە لایەن ئۆسکارمان-ی ئەڵمانی لە کوردستانی ئێراندا دەستی پێکراوە. هەتا ساڵی ١٩٦٠، تاک و تەرا چەند هەوڵێکی تر بۆ کۆکردنەوەی دەقی بەیتی کوردی دراوە (مەحمودزادە، ١٣٨١: ٣).

ڕەهبەر مەحموودزادە لە وڵامی پرسیاری، بۆچی لە کۆمەڵگەی سوننەتیی کوردەواریدا بەیت زەمینەی سەرهەڵدانی هەبووە و گرنگیی پێ دراوە؟ دەبێژێت: پێویستیی تۆمارکردنی مێژوو لە

کۆمەڵگەیەک کە نە دەزگاکانی ڕەسمی بەرعودەی پاراستنی ئەو مێژووە بوونە و نە نووسینیش تێیدا باو بووە... بەیتبێژی کورد بە ناوبانگترین ڕووداوەکانی شوێندانەر لەسەر بیر و هەستی جەماوەری گەلەکەی بە شێوەی بەیت دارِشتووە (مەحمودزادە: ۲۱).

وەک ئاماژەی پێ کرا، یەکێک لە هۆکارەکانی پەنابردنی کوردی کۆنەوار بۆ بەیتبێژیی، بەبرەو نەبوونی نووسینە. کەواتە بەیتی کوردی دەبێتە ئامرازێک و دەرەتانێک بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی «کەلتووری نووسین» لە کوردەواریدا. ئەگەر لە هەندێک گێڕانەوەی مێژوویی دڵخۆشکەر[۱]، سەبارەت بە بەستنەوەی زمانی کوردی بە زمان و نووسینی سۆمەرییەکان، چاو بنووقێنین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە بە گشتی کورد تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتیشی بەدەستەوە بووبێت، بەڵام تاکوو پێنج بۆ شەش سەدە لەمەوبەر، نووسراوەی بە زمانی کوردی لە خۆی جێ نەهێشتووە. بۆیە بەیت و باو دەبێتە پێکهاتەی سەرەکی کەلتووری زارەکی و ئەمەش پاڵنەرە بۆ بە زارەکی هێشتنەوەی ئەم کەلتوور و مێژووە لانی کەم تا سەدەی ۱۵ی زایینی. لە درێژەی وتارەکەدا دەپەرژێینە سەر بەکارئانینی چەمکی منداڵ و منداڵی لە بەیتی کوردی و بۆ ئەم مەبەستە، وەک نموونە سەرەداوی مەسەلەکە لە ۲ بەیتان دەدۆزینەوە.

### ۱- ۳- ۷- لاس و خەزاڵ

خانزاد و لاس ئامۆزا بوون. دوازدە ساڵ بوو لێک مارە کرابوون؛. ئەحمەد ئاغا باوکی لاس، دەمرێت. دوابەدوا مەحموود ئاغای باوکی خانزادیش کۆچی دوایی دەکات. شەش ساڵان تازیە دەبێت. پاشان پیاوێک چووبوو بۆ جەڵەبی بۆ نێو عێلی ماموودینان. لەوێ چاوی بە خەزاڵی مەلا نەبییان کەوتبوو. هاتەوە، کوتی:

«لاسەشۆڕ عەمرت بە هیچێ چووە». کوتی: «بۆچی وا دەڵێی؟» کوتی: «ماڵ خرانەبوو! ئەورۆ خەزاڵێ مەلا نەبییانم دیوە؛ دەگەڵ ڕۆژێ دەعوایە دەکا؛ ئیدی هەر بۆ توو چاکە». لاس هەڵستا وڵاتی باڵەکیانی بەجێ ییێشت. چۆ نێو عێلی ماموودینان، چاوی بە خەزاڵێ بکەوێ ... میربداغ و میرحەمەدخانی سوورچی و زراران هاتنە تالانی ماڵی عێلی ماموودینیان؛ هەموویان برد:

لاس دەڵێ: «ماڵی وێرانم وڵاتی باڵەکیانم بەجێ ییێشت هاتمە ئێرەکانە.
ئێستا هەزار و چوارسەد ماڵی خۆم و مامم سەرەوێرانە

۱. بڕوانە: مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد، نووسینی سۆران حەمەڕەش(۲۰۲۳)، ناوەندی ڕۆشنبیری مەم و زین، بنەچەی کورد، لل: ۷۳-۷.

خانزادخانی حەریرێ بێ ساحێبە و بێ خودانە
داخولا، قاسیدی کێیە؟ هاتۆتە خەزاڵی چاو جوانە
هەڵبەت بەدزی من ناردوویانە، میربداغ و میرحەمەدخان هاتوونە ئێرەکانە.
تالانی عێلی مەلانەبییان دەبەن، دەڵێن: لاس **منداڵە** و نادانە
(مان، ۱۹۰۶: لاس و خەزاڵ)

ڕستەی «دەڵێن لاس منداڵە و نادانە»، زۆر گرنگە بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە. پاڵەوانی بەیتەکە کەسایەتی لاسە؛ لاسەشۆڕێ ئەحمەدخانێ باڵەکان، ئەو کەسەیە کە چیرۆکەکە بێ ئەو، هیچە. بەڵام لێرەدا بەم تەرزە لێی دەڕوانن کە، لاس، کەسێکی پێنەگەیشتووە و شیاوی ئەو مەزنایەتی و فراژییە نییە کە چیرۆکێکی ئەڤینداارانە تۆماری دەکات. شوبهاندنی لاس بە منداڵێکی نادان، بە پلەی یەکەم تێکشکاندنی پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکەیە لەگوێن پیاوێکی لەگەشە و فراژیی و ئینجا وردکردنی منداڵە بە گشتی.

منداڵە و نادانە، بریتییەلەوەی منداڵی و نەزانیی، هەڵگری یەک واتان؛ وەک دووانەیەک کە بە سکێک هاتبێتنە دنیاوە، لێک جودانین و مادام منداڵ بیت، نادانە و مادام نادان بیت منداڵە! لەم گێڕانەوەدا ڕوانین بۆ منداڵ ناکۆمەڵایەتییە. بەپێی ئەم ڕوانگە کۆمەڵگە بۆ منداڵ، هەر لە بچووکایەتییەوە، چاوەڕوانیی هەڵسوکەوتی پێگەیشتووانەی لێی هەیە.

**٢- ٣- ٧- شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی**

خاتوون ئەستی کچی مام غەلیفەیە و فەرخۆڵە کوڕی مامادییە. فەرخۆڵە و ئەستی، ئامۆزان. ئەستی خاتوونێکی شۆخ و پێگەیشتووە بەڵام فەرخە بچووکە. فەرخە هەر لە سکی دایکییەوە حەزی لە خاتوو ئەستی کردووە! ئێستا چەرخی زەمانە وای هێناوە کە فەرخە هەر بە کۆرپەڵەیی لە ئامێزی ئەستیدا گەورە ببێ و ئەویش هەر بە بچووکی حەزی خۆی بە ئەستی نیشان دەدات. لەم گوتوبێژەدا بە کورتی لە مەبەستی هەر دوو ئامۆزا لە منداڵ و منداڵی تێدەگەین.

فەرخە: ئامۆزا بۆ لە توو وایە، ئەمن منداڵم؟
ئەستی: کوڕە ئەتوو چی؟ ئەرێ وەڵڵا منداڵی.
فەرخە: ئامۆزا حەزێ بکەم، لە تووش کەڵەگەتترم
(مان، ۱۹۰۶، شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی)

فەرخە، ئەستی ڕووبەڕووی پرسیار دەکاتەوە کە «ئایا تۆ من بە منداڵ دەزانی»؟ ئەستی لە وڵامدا سوێندیش دەخوات کە بەڵێ تۆ منداڵی. ئینجا فەرخە دەڵێ: «گەر پێم خۆش بێت باڵام لە

باڵای تۆش هەڵکشاوتر دەکەم». کەواتە جەستە و باڵا دەبێتە پێوەرێک بۆ دەرچوون یان مانەوە لە تافی منداڵیدا. بە واتایەکی دیکە گەر جەستە هەڵکشاو و کەڵەگەت بێت، دەکرێ قبووڵی تێپەڕبوون لە قۆناغی منداڵی بکەین.

«خولا هەڵناگرێ بە منداڵی هەتا کەنگێی دەمرێنێ؛ فەرخۆڵە گەورە بووە دەفامێنێ.
مەسڵەعەت ئەوییە بیبەنە مەدرەسەی خزمەت مامۆستای بڵا بخوێنێ».
مامۆستای فەرمووی: «منداڵە خاتوون ئەستی. ئێستا ئەگەر پێی بخوێنی سەفی دەبێ؛ هێشتا دوو ساڵی دیی ماوە».

سەربوردەی ناو بەیتەکان هەندێجار بە هۆکاری جوگرافیا و ئەو کەسەی بەیتەکە دەگێڕێتەوە، دەکرێ جیاواز بێت و هەرکامەی بۆن و بەرامەی خۆی لێوە بێت. بۆیە ڕەگەزە مادی و مینۆکییەکانی ژیانی کەسایەتییەکان لە ئەتمۆسفێری بەیتەکەدا دەور دەبینێت. لەم وڵامەی مامۆستا بۆ خاتوون ئەستی ئەوە دەردەکەوێت کە مادام زووتر منداڵ بنێیتە بەر خۆندن، لەوانەیە منداڵەکە سەفی بکات واتە بیگەوجێنێ. لەم گوزارەدا ڕەنگە بتوانین گۆشە نیگایەکی تایبەت بە منداڵی وێنا بکەین کە نیشان دەدات منداڵ پێویستی بە چاودێریی و پاراستنی تایبەت هەیە.

## ۴- ۷- منداڵ و منداڵی لە پەندی پێشینان

پەندی پێشینان[1] بەشێکە لە فۆلکلۆر، بریتییە لە چەند قسەیەکی کورت و پڕ مانا، کە پێکەوە واتایەکی بەرز و دانسقە دروست دەکەن. پەند، بە ڕستە یان دێڕێک دەگوترێت کە زۆر بڵاوە و لە هەموو شوێنێک باوە، ئەمەش یان لەبەر ئەوەیە کە بیرێکی ژیرانەی قووڵ لەخۆدەگرێت یان لەبەر ئەوەی گوزارشت لە بنەمایەکی هزریی دەکات. پەندی پێشینان هەر یەکەیان وانەیەکی جوان دەخاتەڕوو کە سەیری دەکەین بە هەموو لایەنێکی ژیاندا بڵاوبوونەتەوە، لە هەموو بارێکدا ئەو کەسەی پەندەکەی گێڕاوەتەوە مەبەستی هۆشیارکردنەوە و فێرکردنی بەرانبەرەکەی بووە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هەمان هەڵەی پێشوو دووبارە نەکاتەوە یان ئەگەر ویستی کارێک بکات بزانێت لە کوێوە دەست پێبکات.

لەم بەشەدا تەنیا دەپەرژێینە سەر کتێبی پەندەکانی پیرەمێرد. گەرچی کتێب و سەرچاوەی دیکە لەم بوارەدا هەیە بەڵام چونکە کتێبەکەی پیرەمێرد سەرچاوەیەکی کۆنە، کەواتە دەکرێ پشتی پێ ببەستین.

---

1. Byword

حاجی تۆفیق کوڕی مەحموود ئاغا کوڕی هەمزاغای مەسرەف ناسراو بە پیرەمێرد، شاعیر، نووسەر و ڕۆژنامەوانی کورد، ساڵی ١٨٦٧ له سلێمانی لەدایک بووە. هەر لەم شارە خەریکی چالاکیی ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی دەبێت. پیرەمێرد بەرهەمی وێژەیی زۆری هەیە و زۆر خزمەتی ڕۆژنامەگەریی کوردیی کردووە. ئەم پەندانەی لە درێژەی وتارەکەدا دەکەونە بەر سەرنج، لە ڕۆژنامەی «ژین» لە نێوان ساڵانی ١٩٣٩ تا ١٩٤٩ بڵاو کراونەوە کە پیرەمێرد ئەودەم سەرنووسەری[1] بووە. لێرەدا پەندەکان بە دوو جۆر دابەش دەکەین: یەکەم ئەو پەندانە لەخۆ دەگرن کە تەنها وشەی «منداڵ»ی تیا بەکار براوە. دووەم، بریتییە لەو نموونە پەندانە کە وشەی «منداڵی» تێدا هاتووە کە دەلالەت ئەکات لەسەر خەسڵەت یان تایبەتمەندیی منداڵی.

**یەکەم، منداڵ**

ئەوە مەرامی ژن و منداڵە / بوون و نەبوونی عەیشی پێ تاڵە

***

منداڵ بووم، لەگەڵ دوو کەس شەڕی دەکرد / «دگلدانە»مان ئەخوێند دەست و برد
نینۆکمان لەیەک ئەسوو، تێک هەڵچن / بەڵکوو لە یەکتر ببن بە دوژمن
قەدری عافییەت کاتێ ئەزانین / منداڵ هاوار کا: برسین، بێ نانین

***

ئێستا نازانێ خوینڕێژی چییە؟ / چونکو خۆی ژن و منالی نییە

***

ئەوەیان خۆشە کە بێ منداڵن / جەرگیان ناسووتێ کە بۆی بناڵن
موعجیزەی گەورەی «عیسا» ئەمەیە / منداڵی نییە بێ قڕە و وەیە

***

هی ئەوتۆ هەیە بۆ نانی منداڵ / چاری نامێنێ ئەبێ بە حەماڵ
(پیرەمێرد، ١٩٥٠)

لەم چەند نموونەدا پیرەمێرد، وشەی منداڵ وەک ئەندامێکی خێزان یان کۆمەڵگە بە کار دەبات و لە بەستێنی خێزاندا سەیری دەکات؛ لەم ڕوانگەوە بوون و نەبوونی منداڵ، هەرکام بە جۆرێک دەبێتە هۆکاری گرفت و کێشەی تایبەتی نێو خێزان. منالڵ لەم پەندانەدا زیاتر سەبەبی نائارامی و کێشە و تاڵیی ژیان لێک دراوەتەوە. تۆمەز بوونی منداڵ سەبەبی نەحەسانەوەی گەورەکان بێت.

دەستەی هەمەوەند ئەچوون بۆ تاڵان / شوێنیان ئەکەوتن خوێڕی و منداڵان

1 - https://ckb.wikipedia.org/wiki

گەرچی هۆزی هەمەوەند لە مێژووی کوردستان بە هۆزێکی نەبەز و شەڕکەر لە بەرانبەر عوسمانیدا ناسراون، بەڵام لێرەدا پیرەمێرد وەک تاڵانچی لە قاڵبی پەندێک ناویان دێنێت. ئەو شتەی جێگەی سەرنجە، بەکارهێنانی وشەی منداڵانەیە شانبەشانی خەڵکانی خوێڕی. لەم گێڕانەوە پەندئامێزەدا کەسانی لات و لووت و دەربەدەر و چەقاوەسوو کە کۆڵان بە کۆڵان دەسووڕێنەوە، لەگەڵ منداڵان دەبنە هاومەرام و شوێن دەستەی تاڵانچی دەکەون تاکوو بە هەراهەرا و زەنازەنا کارئاسانی بۆ تاڵانچییەکان بکەن.

کە دنیا بووە گاڵتەی منداڵان / ماڵی باوانمان ئەڕوا بە تاڵان

لەم پەندەدا هۆشداریی دەدرێت کە نەهێڵن منداڵان ببنە سەرجەڵەی کاروان و پێشەنگایەتی کاروباری دنیا بە دەستەوە بگرن. دیارە لێرەدا منداڵان، تەنها ئەو مرۆڤە بچووکانە نین کە جەستە و قەڵافەتیان وردە، بەڵکوو بە کەسانی زەلامی کاڵفام دەگوترێ کە هێشتا ئاستی هزر و فامیان نەفراژووە. دیسان منداڵان بەهۆی کاڵفامیی و نەباڵغییانەوە، وەک بوونەوەرێکی دژەکۆمەڵایەتی سەیریان دەکرێت.

ئەمە تەجرەبەی ئەوەندەساڵە / هەرچی باوەڕیان پێ بکا منداڵە

وەک لە نموونەکانی پێشووتر لە شێعری شاعیرانیشدا ئاماژەی بۆ کرا، زۆر جار وشەی منداڵ وەک ناتۆرە یان لەقەمی ناشیرین بە کەسێکی گەورەساڵ گوتراوە بۆ ئەوەی کەسایەتییەکەی بڕووخێنن. لەم سۆنگەوە گەورەساڵی بە قەڵافەت مەزن، لای خەڵکی ڕەشۆکی، مادام لەباری هزری و ژیرییەوە تێنەگەیشتوو بێت، بە منداڵی لەقەڵەم دەدەن و حسێبی بۆ ناکەن.

ئەگەر ئەکەویە جوستوجۆی ئەحواڵ / قسە یا لە شێت ببیە یا منداڵ

کاتێک وشەگەلێکی وەک شێت یان خوێڕی دەدرێنە پاڵ وشەی منداڵ، تۆمەز ئەمانە لەگەڵ منداڵ دەبنە دووانەیەکی هەمزاد. ئێستاش ئەم نەستەقە بەگشتی قسەی سەرزاری خەڵکە کە دەخوازێت قسەی ڕاستەقینە یا لە شێت ببیستە یان لە منداڵ. گەرچی چاوەڕوانی ڕاستبێژیی لە منداڵ، دەکرێت وەک خاڵێکی ئەرێنی سەیری بکرێت بەڵام هاوردنی لەگەڵ شێت و دێوانە، لە یەکەم نیگادا دەبێتە هۆی دابەزینی کەسایەتی منداڵ.

جاران منداڵمان ئەنارده حوجره / فەلاقە ئەکرا بە داری گزره
بە مامۆستامان ئەگوت وەک دوژمن / گۆشتی بۆ تۆ بێ و ئێسقانی بۆ من

ئەم پەندە گەرچی لای پیرەمێرد ئاماژەیە بە ڕابردوو بەڵام تا نیو سەدە لەمەوبەر بە شێوەی کردەکی لە حوجرەکان و تەنانەت قوتابخانەکانیش ببووە باوەڕێک و جەماوەر وەک ئاکارێکی ئاسایی لەگەڵیا مامەڵەی دەکرد. ئەم پەندە هەڵگری ڕەهەندێکی پەروەردەییە کە سەردەمانێک لە کۆمەڵگەی لاگەیی کوردەواریی باو بووە و بەم وتە پەندئامێزە —بە تایبەت- باوکەکان، دەرفەتی هەڵسوکەوتی دوژمنکارانەی مامۆستایانیان لە ئاست منداڵەکانیان دەڕەخساند. لێرەوە منداڵ، بە لێدان و کوتان نەبێت نابێ بە بەشەر!

**دووەم، منداڵی**

لەم بەشەدا و بەپێی ئەم چەند نموونەی خوارەوە منداڵی، دەبێتە بڕگەیەکی تایبەتی تەمەنی مرۆڤ کە هەڵگری هەندێک پرەنسیپ و بنەمای تابەت بە خۆیەتی.

که به منداڵی «قبووڵی» نەخۆی / گەیشتیە پڵاو ئەڵێی: خەڵکی کوێی؟

***

له منداڵیەوە بەچە ترسێنین / بۆ شوێن گورگ کەوتن پەت ئەپسێنین

***

که به منداڵی تەربیە نەدرێ / به گەورەیی خووی خراپان ئەگرێ

***

که به منداڵی تەربیەت نەدا / ئەو ئەڕوا بە شوێن کردەوەی بەدا

(پیرەمێرد، هەمان)

منداڵی، بریتییە لەو ناسکەساڵانەی کە بێچووی مرۆڤ پێویستی بە ڕاگەیشتن و چاودێریی تایبەت هەیە تا بتوانێ ڕێڕەوی پێگەیشتن و تێگەیشتن بە ساخڵەمی ببێوێت. ئەگەر ئەم چەمکە بە واتای «سەردەمی منداڵی» تێبگەین، ئەوە دەبێتە ئەو قۆناغە جیاکەرەوەی کە تێیدا منداڵ دەبێتە خاوەن جیهانێکی تایبەت بە خۆی و خولیاکانی و لە بەرانبەریشدا کۆمەڵگە ئەم قۆناغە بە تایبەتمەندییەکانییەوە بە فەرمی دەناسێت. ئەم چەند نموونە لە پەندەکانی پیرەمێرد، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە لای ئەم شاعیرە، بە پێچەوانەی نموونەکانی یەکەم، منداڵ توانیویەتی پێگەیەکی پێشکەوتووانەی هەبێت و ئەمەش ئاماژەیە بۆ جۆرێک گواستنەوەی بوونەوەرەکە لە دیاردەیەکی بایەلۆژییەوە بۆ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی.

ڕەهەندی بایەلۆژی لەم جۆرە هەڵبەستانەدا بەرچاوە؛ یەکەم لەو ڕوانگەوە کە منداڵ بوونەوەرێکی بچووکی بەزەییئامێزە و دەبێ بپارێزرێت، دووەم لەو ڕوانگەوە کە منداڵ بەهۆی پێنەگەیشتنی جەستەیی و هاوشێوەی گەورە دەرنەهاتن، هەر حسابی بۆ ناکرێت. جگەلەمانە لە ڕەهەندی دەروونی

یاخود سایکۆلۆژییەوە گەر هەستێکی تایبەت بۆ منداڵ لە ئاراد بێت ئەوا هەر لەسەر لایەنی بایەلۆژی کاریگەریی دەبێت.

**۸– دواوتە**

پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوە ئەمە بوو کە کۆمەڵگەی کوردەواری لە ڕێگەی فەرهەنگی نووسراوەیی خۆیەوە چۆن بۆ دوو چەمکی منداڵ و منداڵی دەڕوانێت؟ پاش خوێندنەوەی چەند دەقی گرنگی مێژوویی و ویژەیی و هەروەها پەند و بەیت لە زمانی کوردیدا و لێکدانەوەی واتا و دەلالەتەکانی ئەم دوو چەمکە تاڕادەیەکی باش دەردەکەوێت کە نووسەر و شاعیر، وەک کەسانێک کە سەرتۆپی ڕووناکبیریی وڵاتەکەیان بن، بەرانبەر بە بابەتەکە دیدێکی نەریتی و کۆنەوارانەیان هەبووە. ئەمەش سەیر نییە چونکە تێڕوانین بۆ منداڵ و دواتریش «منداڵی» وەک دەرکەوتەیەکی جیهانی مۆدێرن، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هەمان دید و ڕوانینی گشتی کە دنیابینی و مەعریفەی باوی سەردەم بەرهەمی دێنێت. ئەمەش هەر تایبەتی کوردەواری نەبووە بەڵکو لە پانتایەکی بەربڵاوی ناوچەکە و بگرە لە ئاستێکی جیهانیشدا کەم تا زۆر هەر ئەم دیدە زاڵ بووە.

لەم دەقە توێژینکراوانەدا منداڵ و منداڵی وەک دیاردەیەکی بایەلۆژی سەیر کراوە و نیشانە و دەلالەتی ئەم دوو چەمکە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان هەر بەدیناکرێت یان هێندە لاوازە کە لە جوملەی نەبووان دێتە ئەژمار.

**سەرچاوەکان**

**کوردی**

بۆکانی، سابیر(۲۰۲۰)، *میتۆدی توێژینەوەی زانستی*، سلێمانی: چوارچرا.

بەدلیسی، میرشەرەفخان (۲۰۰۶)، *شەرەفنامە مێژووی ماڵە میرانی کوردستان*، وەرگێڕانی هەژار، هەولێر: ئاراس.

بێسارانی، مەلا مصطفی (۱۹۹۶) *دیوانی بێسارانی*، لێکدانەوەی: حەکیم مەلا ساڵح، https://books.vejin.net/ck/book/28. (ڕێکەوتی خوێندنەوە: ۱۴۰۲/۵/۲۰).

پیرەمێرد(۱۹۵۰)، *پەندەکانی پیرەمێرد*، https://books.vejin.net/ck/book/245 (ڕێکەوتی خوێندنەوە: ۱۴۰۲/۵/۲۵).

خانی، ئەحمەد(۱۹۱۹)، *مەم و زین*، https://books.vejin.net/ck/book/86 (ڕێکەوتی خوێندنەوە: ۱۴۰۲/۸/۱).

خانی، ئەحمەد(١٩٨٨)، *نووبەهارا بچووکان*، ڤەژاندنا: پەرویز جهانی، https://books.vejin.net/ck/text/23029 (ڕێکەوتی خوێندنەوە: ١٤٠٢/٥/٣٠).
حەریق(١٣٦٩)، *دیوانی حەریق*، گردآورندە سەید نەجمەدین ئەنیسی، سەقز: محمدی.
زەکی بەگ، محەمەد ئەمین(١٤٠١)، *خۆلاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان*، بانە: ڕێگا.
شەبانی، ئەحمەد(٢٠٢٤)، *فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیا لە پەروەردەی هاوچەرخدا*، سلێمانی: دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان.
شەبانی، ئەحمەد(٢٠٢٥)، *دەروازەیەک بۆ مێژووی سەردەمی منداڵی* (کۆمەڵە وتار) [ئامادەی چاپ].
مان، ئوسکار(١٩٠٦)، *شێوەزاری کوردی موکریانی*، بەیتی لاس و خەزاڵ، https://books.vejin.net/ck/book/133 (ڕێکەوتی خوێندنەوە: ١٤٠٢/٨/١٠).
مان، ئوسکار(١٩٠٦)، *شێوەزاری کوردی موکریانی*، بەیتی شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی، https://books.vejin.net/ck/book/133 (ڕێکەوتی خوێندنەوە: ١٤٠٢/٨/١٠).
مەحموودزادە، ڕەهبەر(١٣٨١) *پێکهاتەی بەیتی کوردی*، ورمێ: دەزگای سەلاحەدین ئەیوبی.
مەلای جزیری(١٣٦١)، *دیوانی مەلای جزیری*، شەرحی هەژار موکوریانی، تاران: سروش.
نالی(١٣٦٣)، *دیوانی نالی*، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولکەریم، ورمێ: دەزگای سەلاحەدین ئەیوبی.

**فارسی**

احمدی، جمال (١٣٩٥)، *تاریخ ادبیات کردی از آغاز تا جنگ جهانی اول*، سقز: گوتار.
باقری، خسرو و همکاران (١٣٨٩) *رویکردها و روش‌های پژوهش در فلسفهٔ تعلیم و تربیت*، تهران، پژوهشگاه مطالعات فرهنگی و اجتماعی.
پولادی، کمال(١٣٧٨)، *بنیادهای ادبیات کودک*، تهران: کانون پرورش فکری کودکان و نوجوانان.
توسلی، طیبه (١٣٩٩) «روش تحلیل مفهومی در تعیین هدف‌های تربیتی از دیدگاه ریچارد پیترز، بیان و نقد» *مبانی تعلیم و تربیت دانشگاه فردوسی مشهد*، ش. ١۶، صص. ٧۵–۵٩.
جورجیا، مارگاریتا(١٣٩۴)، «دوران کودکی در ادبیات انگلیس»، *دایرةالمعارف موضوعات در ادبیات*، ترجمهٔ روجا علی‌نژاد، *نقد کتاب کودک و نوجوان*، ش. ٧ و ٨، صص. ٢٠٨–٢٠٣.
حاتمی، زهرا(١۴٠١)، *تاریخ کودکی در ایران* (از آغاز عصر ناصری تا پایان دورهٔ رضا شاه)، تهران: علم.
صفی‌زاده (بۆرەکەیی)، صدیق(١٣٧٨)، *تاریخ کرد و کردستان*، تهران: آتیه.
گوتک،جرالد.ال(١٣٨٨)، *مکاتب فلسفی و آرای تربیتی*، ترجمهٔ محمدجعفر پاک سرشت، تهران: سمت.

## English

Ariès, Philippe (1960), *centuries of Childhood*, A Social History of Family Life Translated from the French by Robert Baldick, New York: Alfred A. Knopf.
Woodhed Martin (2015) *Childhood Studies: Past*, *Present and Future. (An introduction to Childhood studies)*, Third Edition, Edited by Mary Jane Kehily, Open University Press.
Wahby, Taufiq (1948), *The Rock-Sculptures in Gunduk (in Kurdistan) Cave*, Sweden(1983).